سەرۆک وەزیران ڕێنمایی دەکات کە قەرزەکانی دەستپێشخەری گەنجانی ریادە بکرێتە ئەلیکترۆنی



ئەمڕۆ دووشەممە، محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، بانکی هافیدین و ڕێشیدی ڕێنمایی کرد بۆ گۆڕینی قەرزەکانی دەستپێشخەری گەنجانی "ریادە" بۆ ئەلیکترۆنی، جەختی لەسەر گرنگی دابینکردنی پاشتی دارایی گونجاو بۆ ئەو قەرزانە کردەوە.

نووسینگەی هاگەیاندنی سەرۆک وەزیران لە هاگەیندراوەکدا باویکردەوە"محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی تایبەتی کرد بۆ دەستپێشخەریی ریادە، کە بەڕێوبەرانی بانکی هافیدین و ڕێشید و هاوڕێکاری سەرۆک وەزیران بۆ دەستپێشخەرییەکەی ریادە ئامادەبوون".

لەکۆبوونەوەکەدا سەرۆک وەزیران ڕێنمایی بانکەکانی هافیدین و ڕێشیدی کرد کار لەسەر دیجیتاڵکردنی قەرزەکان بکەن بۆ دەستپێشخەریی (ریادە) بۆ گەنجان، و کردنیان بە ئەلیکترۆنی، بەمەبەستی دەستبەرکردنی شەفافیەت و خێراتر لە تەواوکردنیان.

هەروەها ئاماژەی کرد کەپشتیوانی پڕۆیست پشکێش بکەن بۆ ئاسانکاری ڕێکارەکانی دامەزراندنی بزنس و کۆمپانیا بچووکەکان، بۆ دڵنیابوون لە بەردەوامییان، وجەختی لەسەر پڕۆیستی بەدواداچوون بۆ پڕۆژەکانی دەستپێشخەری ریادە کردەوە بەمەبەستی دڵنیابوون لەسەرکەوتنی ئەم پڕۆژانە و

بەشداریکردن لە بەردەوامیدانیان.

سودانی تەکەزی لەگرنگی پشکشکردنی پاپشتی دارایی گونجاو بە قەرزکان کردەوە بە پڕۆژەکانی گەنجان کە بەشدارن لە دەستپێشخەریی (ریادە)، و لەبەرچاوگرتنی پڕۆژە بچووکەکان لە خشتەی بودجەی دواتری حکومەتدا.

ئاماژەی بەوەشکرد" دیجیتاڵکردنی قەرزی پڕۆژەکان یارمەتیدەر دەبێت بۆ بەبازاڕکردنی بەرهەمەکانیان، جا چ لەسەر ئاستی ناوخۆیی بێت یان هەناردەکردنی بەرهەمەکان بۆ دەرەوە، بە شێوەیەک کە لەگەڵ ئامانجەکانی حکومەتدا بگونجێت لەبواری زیاتر چالاککردنی کەرتی تایبەتدا.